# هونەرمەند ئیسماعیل جومعە:




***هونەرمەند ئیسماعیل جومعە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا هاتە نێو گۆڕەپانی هونەری کوردی، لە کاتێکدا کە ژمارەیەکی زۆر هونەرمەندی ناودار و لە گۆڕەپاندا بوون وەك تاهیر تۆفیق و محەمەد عارف جزیری و تەحسین تەها و فوئاد ئەحمەد و چەندانی دیکە، هەروەها گۆرانی و موزیکی کوردی لە لوتکەی پێشکەوتن و گەشەسەندندا بوو، ئەوەی زیاتر هانیدا بۆ بەردەوام بوون دەستخۆشی ئەو هونەرمەندانە و هاندانیان بوو بۆ ئەوەی بەردەوام و درێژە بە کاری هونەری بدات. لە شاری دهۆك سەردانمان کرد لە ماڵی خۆی و ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ساز کرد.***

دیمانە / خەلیل بلەیی
xalil2001@yahoo.com

**سـەرەتا هونەرمەند ئیسـماعیل جومعە دەربارەی دەسـتپێکردنی کاری هونـەری گوتی:** من خۆم بە هونەرمەندێکی کورد دادەنێم کە لە سـاڵانی هەشتاکانەوە دەستم پێکردووە و ئێستا و تا ئەو کاتەی توانام هەبێت بەردەوام دەبـم لە خزمەت کردن بە هونەری کوردی لە رێگای گۆرانی و موزیکەوە، واتـە من هونەرمەندێکی کـوردم و خۆم بە هیچ و قۆنـاغ و زەمانێکەوە نابەستمەوە.

**دەربارەی جیاوازی نێوان گۆرانی و موزیکی ئەو کات و ئێستا هونەرمەند دەڵێ:** ئەو کات تەنیا ئەو کەسانە دەیانتوانی گۆرانی بڵێن و ببن بە گۆرانیبێژ کە توانایان هەبوو، گۆرانیبێژ ئەگەر تۆنێکی پاکی نەبا وەرنەدیگرا، چونکە گۆرانی لە ستۆدیۆ بەشـێوەیەکی زیندوو تۆمار دەکرا ئەوە نەبوو کە تۆ لە کۆپلەیەك هەڵەت کرد دووبارەی بکەنەوە، دەبوایە گۆرانیبێژ زۆر شارەزا بێت لە بوارەی دەنگ و ئەدا و هەڵبژاردنی موزیك، و شارەزایی هونەرمەند لێرە بە دیار دەکەوت، کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسـمانی نەبوو ئەو هەبوو لۆکاڵ بوو ئەویش لە هەموو شـوێنێك پەخشـی وەرنەدەگیرا و خەڵك دەرفەتی ئەوەی نەبوو هونەرمەند ببینی و بیناسـێ و ئەگەر بیناسیبایەش تەنیا لە رێگای کاسـێتەوە بوو، بەڵام ئەو هونەرمەندانە خۆیان بە خاوەن کێشـەیەك دادەنا و هەر کەسێك توانای هونەری نەبوایە ئەوا خۆی گۆرانی نەدەگوت و نەدەبوو بـە گۆرانیبێژ، چونکە تەکنۆلۆژیای ئێسـتا دەنگی هونەرمەند بە هەموو شـێوەیەك دەگونجێنی و ریتمە نەشازەکان ون دەکات و بە ویستی ئەو کەسە دەیـکات کە گۆرانی دەڵێت ئەمە یەکێـك بوو لە گرنگترین جیاوازییەکانی هونەری ئەو کات و ئێستا.

**ئێسـتا باس لە (صراع)ێك دەکرێ لە نێوان هونەرمەندانی ساڵانی هەشتا و حەفتاکان و هونەرمەندانی ئەم سـەردەمە، لـەم بارەیەوەش دەڵێ:** رەنگە هونەرمەندانی ئێسـتا رکابەرێتییان نەبێت، چونکـە ئەمانە بۆ خۆیان کار دەکەن بەو شـێوازەی بۆ خۆیان هەڵیانبژاردووە جا لە بواری گۆرانی گوتن یـان ئاواز دانان و ریتم یان دابەشـکردنی موزیك بێـت، رەنگە هونەرمەند کۆنەکان گلەییان لە هونەرمەندانی ئەم سـەردەمە هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی خەڵکی کوردسـتان بە گشـتی بینیویانە ئەمانەی ئێسـتا نەیانبینیـوە، وەك ئاوارەیی و تێکدانی گوند و شـارەکان، هەروەها نەبوونی توانای ماددی بۆ تۆمار کردنی گۆرانی، بەڵام ئەمڕۆ کوردستان ئـازادە و تا رادەیەکی زۆریش توانا و ئیمکانیاتـی ماددی هەیە و رەنگە هونەرمەنـدە هیچ خەرجییەك نەکات، ئەو کات زۆربەی هونەرمەندانی ئێمە وەك تەحسـین تەهـا و فوئاد ئەحمەد و ئەردەوان و ئەیـاز ئەمانە هیچیان نەگەیشـتنە ئەو رادەیەی بژێوی ژیانیان لـە رێگای هونەرەوە پەیدا بکەن، بە پێچەوانـەوە لەوانەیە لە ماڵی خۆیان پارەیان بردووە و لە هونەر خەرجیان کردووە کە منیش یەکێك بووم لەوانە، بۆیە هونەرمەندانی سـاڵانی حدفتاو هەشتاکان ئەوانەی ماون مافی خۆیانە گلەیی بکەن و داوای ئەوە بکەن کە پێویسـتە هونەرێکی کوردی رەسەن و پاك و بێگەرد پێشکەش بە جەماوەری و منداڵی کورد بکرێت بۆ ئەوەی شـارەزاییان لە هونەر و موزیکی کوردی هەبێت، چونکە ئەوان مامۆسـتای ئێمەن و بە رەخنەکانیان هونەری کوردی ئاوەدان دەبێتەوە، بەڵام پێویسـتە ئەوان رێگا نیشانی گۆرانی ئەم سەردەمە بدەن و ئەو گلەیی و رەخنانەی لێیان دەگرن پێویسـتە رەخنەی بنیاتنەر بێت و ببێتە هۆکارێك بۆ پێشخسـتنی هونەری کـوردی، وداوای ئەوە بکەن لە وەزارەتی رۆشـنبیری کە پێویسـتە گۆرانی تۆمار کردن مەرجی تایبەتی هەبێت و هەموو کەسـێك بە ویست و ئارەزووی خۆی نەتوانێ گۆرانی بڵێ یان تۆماری بکات، بـەڵام دەبێ کارێکی وا بکەن کە گۆرانی و موزیکی کوردی لە موزیکی جیهانی دوانەکەوێت و رۆڵەکانمان لە پاشەڕۆژدا هەست بەوە نەکەن کە ئێمە لە ئاسـت موزیکی جیهانی زۆر لە دواوەین و بێبەشین لەو پێشـکەوتنەی کە لە موزیکی جیهانیدا روویداوە، هەروەها پێویستە باس لە مەسـەلەیەکی دیکە بکەین ئەویش ئەوەیە کە هونەرمەندانی رەسەن وەك سـەعید ئاغا، کاویس ئاغا، تاهیر تۆفیق، عەلی مەردان، محەمەد عارف، سەعید جزراوی، حەسەن جزراوی، حەسەن زیرەك و چەندانی دیکە هونەر و موزیکی گەلانی دیکە کاریگەرییان بەسـەر هونەری ئەوانەوە نەبووە ئەگەر ئێمە گۆرانی و پەسـتەی ئەوان بڵێینەوە و خۆمان لە هونەری ئەوانەوە نزیك بکەینـەوە و گوێیان لێ بگرین بێگومان ئەو کات دەتوانین داهێنان بکەین و سوودیان لێ وەربگرین و من خۆم زۆر جار ئەو ئامۆژگارییە لە هونەرمەندە

لاوەکان دەکـــەم، چونکە گۆرانییەکان ئەوان پڕاوپڕن لە ڕەســـەنایەتی و هەر گۆرانییەك کە بناغەکەی هونەری ڕەسەنی کوردی بێت ئەوا تەمەنی درێژ دەبێت و ڕەنگە پێویســـت نەکات گۆرانیبێژ هەموو ساڵێك بەرهەمێکی نوێ پێشـــکەش بکات و ئەم ڕەســـەنایەتییەش لە گوتن و ئاواز و و دابەشکردن و تێکســـتدا بە ئاشکرا دیار دەبێت و هەستی پێ دەکرێت بە جۆرێك بۆ هەموو تەمەنێـــك ببێت هەر لە منداڵەوە تا پیرێکی هەشـــتا ســـاڵ، بەڵام ئەگەر مـــن ئەمرۆ گوێ لە گۆرانییەکی عەرەبی یان تورکی یان فارســـی بگرم، بە دڵنیاییەوە دەڵێم کاریگەرییان بەســـەر منـــەوە دەبێت لە هەڵبژاردنی ئاواز و موزیـــك و هەر گۆرانییەکیش بە کارتێکردنی هونـــەری بیانی بێت ئەوا ڕەســـەنایەتی پێوە دیار نابێ و تەمەنی زۆر کورت دەبێت بۆیە نابێ بە هیچ شـــێوەیەك گۆرانی بیانی بکرێتە بناغەیەك بۆ ئەوەی هونەرمەند گۆرانی کوردی پێ بڵێ و دەبێ گۆرانی بیانی تەنیا بۆ گوێ گرتن بێت.

**ســـەبارەت بە پێناســـەی بۆ هونەر و هونەرمەندی ڕەســـەن، هونەرمەند ئیسماعیل جومعە گوتی:** هونەری ڕەسەن ئەوەیە کە تایبەتمەندیی گۆرانی کـــوردی پێوە دیار بێت، گۆرانی کوردی بەناوبانگ و دەوڵەمەندە بەجۆرێك وای لێهاتووە لەبەر ڕەسەنایەتی میللەتانی دەورووبەر سوودیان لێی وەرگرتووە، بۆیە پێویســـتە هونەرمەندانی کورد کاتێك گۆرانییەك پێشکەش دەکەن بەر لەوەی جەماوەر گوێی لە تێکســـتەکەی بێـــت بزانێت کە ئەمە موزیکێکی کوردییە، لە ئاواز و ئیقاع و پەنجەی ژەنیارەکانەوە بزانی کە ئەمە کوردییە، هەروەها ئێمە خاوەن مامۆستای موزیکی گەورەین وەك مامۆستایان دلشاد محەمەد ســـەعید و ئەنوەر قەرەداغی کە لە ســـاڵانی حەفتاکانەوە دەستیان پێکـــردووە و هەوڵیانداوە بناغەیەك بۆ موزیکـــی کوردی دابنێن، هەرچەندە لە ســـاڵانی بیســـتەکانەوە گۆرانی کوردی تۆمار کراوە و لە ساڵانی پەنجا و شەســـتەکانەوە گەیشتۆتە قۆناغێکی پێشـــکەووتوو، بۆیە من پێموایە لە موزیکەکەوە ڕســـەنایەتی هونەر کوردی دەردەکەوێت، پێویستە هونەرمەند لە هەڵبژاردنی تێکســـتدا شـــارەزا بێت و تەنیا بیر لەوە نەکاتەوە کە ئاوازەکەی خۆش بێت بۆ ئەوەی منداڵەکانیشمان لە تێکست و شیعریشدا ئەو شتەی بەر گوێی دەکەوێت شتێکی بە سوود بێت.

**سوود وەرگرتن لە ئاواز و موزیکی تورکی و عەرەبی و فارسی ئێستا لە لایەن خەمخۆرانی هونەری کوردی و جەماوەرە زۆر باســـی لێوە دەکرێت لەم بارەیەوە هونەرمەند ئیسماعیل جومعە دەڵێ:** وەك ڕای تاکە کەسی خۆم من ئەمە بەکارێکی هەڵەی نازانم بەڵکو لای من زۆر ئاســـاییە، چونکە موزیك زمانێکی جیهانییە و ئاســـاییە هونەرمەندێکی کورد موزیکی گۆرانییەکی بەناوبانگـــی تورکی یان عەرەبی یان فارســـی بە کـــوردی بڵێت و هەندێك پەیڤـــی کوردی بخاتە ســـەر، لەوانەیە ئاوازەکە زۆر ســـەرنجڕاکێش بێت و ببێتە هۆکاری ئەوەی کە بە گۆرانییەکی کوردی بناســـرێت و لە ڕێی ئەو گۆرانییەشـــەوە هونەری کوردی زیاتر بناسرێت، چونکە زۆر لە ئاوازەکانی ئێمە بەو شـــێوەیە براون و ون بوون وەك گۆرانییەکانی (بەگی یێ لێ بەگـــی یێ کە گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردییە) و(ئەمانیە، کەڤوکم لێ) ئەمانەش گۆرانی حەســـەن جزراوین لەبەر ئـــەوەی تەکنۆلۆژیای عەرەب و تورك لە هـــی ئێمە بەهێزترە بردوویانە و بەنـــاوی خۆیان بڵاویان کردۆتەوە و کـــە عەرەبێك گوێی لێیان بێت ناڵێ ئەمـــە گۆرانییەکی کوردییە، بۆیە من دەڵێم ئێمەش مافی خۆمانە ســـوود لە موزیکی گەلان وەربگرین، بەڵام بەشێوەیەکی زانستیانە، چونکە ئێمەش موزیکزانی بە توانامان هەیە کە زۆر شارەزان لە موزیك.

**ســـەبارەت بەوەی کە ئایا خۆی ســـوودی لە ئـــاواز و موزیکی بیانی وەرگرتووە ئیســـماعیل جومعە دەڵێ:** من لە ســـاڵی ١٩٩٦ من گۆرانییەکم تۆمـــار کرد بەناوی (هـــەر ژ دیتنا عەولی) کە ئاوازەکـــەی بیانییە، ئەو گۆرانییە سەرکەوتنێکی زۆر باشی بەدەستهێنا و بەشێوەیەکی زۆر بڵاوبۆوە لە کوردستان و دەرەوە، ئەو کات گۆرانییە ڕاستەقینەکە دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبـــوو تەنانەت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنـــی کوردیدا، من بیرم لەوە کـــردەوە بۆچی گەنجەکانمان بە کوردی گوێبیســـتی ئـــەم گۆرانییە نەبن ئەوە بوو کە تۆمارم کرد ســـەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا و لە زۆربەی ئەو ئاهەنگانەی لە قامیشـــلۆ و عەفرین و شـــارەکانی دیکەی کوردستان ســـازم کردوون بەردەوام داوای ئەو گۆرانییەم لێدەکەن، من لەگەڵ ئەوە نیم هـــەر گۆرانییەکی بیانی هەبێت ئێمە بچین پەیڤـــی کوردی بۆ دابنێین و بیلێین، بەڵام ئەگەر هونەرمەندێك دوو ســـەد گۆرانی بڵێ ئاساییە لە دوو گۆرانی سوود لە ئاوازی بیانی وەربگرێت، بەڵام ئەگەر گۆرانییەك هەبێت و لاوەکانمان زۆر پێوەی ببەسترێنەوە و گوێی لێدەگرن لەو حاڵەتەدا ئاساییە هەوڵ بدەیـــن گوێگری کورد لەو گۆرانییە نزیکتـــر بکەینەوە بە مەرجێك شیعرەکانی کوردی بن.

لە جیهان بە گشتی هونەر بۆتە پیشە، بەڵام لە کوردستان هەندێك کەس پێیان وایە نابێ هونەرمەند لە ئاهەنگی تایبەتیدا گۆرانی بڵێ، **لەم بارەیەوە ڕای هونەرمەند ئیســـماعیل جومعە بەم شـــێوەیە:** هونەرمەندە نەمرەکانی کـــورد بوونە قوربانـــی هونەری کوردی، چونکە ئەوان بـــە حەز و ئارەزووە خزمەتـــی هونەری کوردییان دەکرد و تا ســـاڵانی حەفتاکان قوربانییاندا لە پێنـــاو هونەری کوردی، دوای ئەو هونەری کوردی تا ڕادەیەك ڕێچکەیەکی تایبەتی بۆ خۆی گرتە بەر، ئێســـتا هەموو کەسێك بە هونەرمەندیشەوە حەز و ئارەزووی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئەوەی پاشەڕۆژێکی ڕووناك بۆ خۆی و منداڵەکانی دابین بکات و هونەر لە حەزەوە بوو بە کار و سەرچاوەی بژێوی ژیان، چونکە هونەرمەند ناتوانێت جگە لە هونەر هیچ کارێکی دیکە بکات و ئەگـــەر بۆ ماوەیەکی کورتیش لێـــی دوور کەوتەوە ئەو حەز و ئارەزووەی جارانی بۆ هونەرەکەی نامینێ، بەڵام ئەگەر بەردەوام بێت لە کاری هونەری ئەوا مافێکی شـــەرعی خۆیەتی کە ئاهەنگ و کۆنســـێرت ســـاز بکات، هەروەها لە ئاهەنگی تایبەتیش بەشـــداری و خەڵکیـــش تا ڕادەیەکی زۆر هـــاوکاری دەکات و ڕەنگە جەماوەریش لە ڕێگای ئەو ئاهەنگانە هونەرمەند بناسێت، چونکە من بە زمانی کوردی گۆرانی دەڵێم و ئەو هەڵپەڕکێیانەی کـــە خەڵك پێشکەشـــی دەکات ئەوانیش کوردین ئەمـــەش خۆی لە خۆیدا خزمەت کردنە بە بەشـــێکی دیکەی کەلەپووری کوردی کە هەڵپەڕکێیە و لە ون کردن دەپارێزرێ.

**دەڤەری بادینان هونەرمەندی زۆر گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، جێگرتنەوەی ئەمانە لە لایەن هونەرمەندانی ئەم ســـەردەمە کارێکی زەحمەت لەم بارەیەوە ئیســـماعیل جومعە دەڵێـــت:** ئەگەر بەراوردی نێوان ســـەردەمی ئەوان وئەم قۆناغەی ئێســـتا بکەیـــن و چۆن ئەوان توانییان لە نـــاخ و دڵەوە گۆرانی بڵێن و بە هونەرەکەیان گوزارشـــت لە خۆشەویســـتی خۆیان بۆ کوردســـتان بکەن و ڕووبەڕووی دوژمنان ببنەوە وخۆیان بە خاوەن کێشـــەیەکی نەتەوەیی دەزانـــی و چاوەڕێی ڕۆژی ڕزگارییان دەکـــرد، من پێموایە بەراورد کردنیان لەگەڵ هونەرمەندانی ئەم ســـەردەمە تا ڕادەیەکـــی زۆر کارێکی زەحمەتە و شـــوێنی ئەوان بە بەتاڵی دەمینێتەوە، چونکە ئـــەو ڕووداوانەی ئەو کات بینییان هونەرمەندانی ئێســـتا هەستی پێناکەن بەتایبەتی لە بواری غەریبی و ئاوارەیـــی و جەنگ کە ئەمەش ڕەســـەنایەتی و قورســـاییەکی دیکەی دەبەخشـــییە گۆرانی کوردی و بە زیندووی دەهێشـــتەوە، بەڵام ســـەرەڕای ئەمـــەش کاروانی گۆرانـــی و موزیکی کوردی بەردەوامـــە و بەرەو پێش هەنگاو دەنێت، و چاوەڕێی پاشەڕۆژێکی ڕووناکی لێدەکەم، چونکە هەندێك لـــە هونەرمەندان وایان لێهاتووە ڕکابەرێتـــی هونەری گەلانی دیکە دەکەن، هەروەها بەشـــێك لە کلیپەکانی ئێمە بوونەتە هۆی ئـــەوەی کە ڕۆڵەکانمان شـــارەزای هونەری ڕەسەنی کوردی و دابونەریتی کوردەواری ببن و لە لایان خۆشەویســـتتر ببێت ئەمەش مایەی خۆشحاڵی هەموو لایەکمانە، داواکارم موزیکزانەکانمان زیاتر کار بکەن بۆ ئەوەی هونەری ڕەســـەنی کوردی زیاتر بەرەو پێش بچێت.


●●●
**هونەرمەندە نەمرەکانی کورد بوونە قوربانی هونەری کوردی، چونکە ئەوان بە حەز و ئارەزووە خزمەتی هونەری کوردییان دەکرد**
●●●


●●●
**من هونەرمەندێکی کوردم و خۆم بە هیچ و قۆناغ و زەمانێکەوە نابەستمەوە**
●●●

●●●
**ئەگەر هونەرمەندێك دوو سەد گۆرانی بڵێ ئاساییە لە دوو گۆرانی سوود لە ئاوازی بیانی وەربگرێت**
●●●

●●●
**هونەری ڕەسەن ئەوەیە کە تایبەتمەندیی گۆرانی کوردی پێوە دیار بێت**
●●●









# ئەستێرەکانی بۆلیۆد
# لە نێوان جوانی روخسار و زۆری داهات

بۆلیۆدی هیندستان ئێستا بۆتە شوێنێك کە خەریکە رکابەرێتی هۆلیۆدی ئەمریکا بکات لە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی فیلمی سینەمایی و خاوەن بازاڕێکی زۆر گەرمە لە نێو بازاڕەکانی سینەمای جیهانیدا بەتایبەتی لە وڵاتانی کەنداو، رەنگە ئەمەش بۆ ناوبانگی ژمارەیەك لە ئەستێرەکانی بگەڕێتەوە کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرن، لەوانەش:

* ئەمیتاب باتشان: بە ئەفسانەی سینەمای هیندی دادەنرێت، دەیان فیلمی بەناوبانگ و سەرکەوتووی پێشکەش بە بۆلیۆد کردووە و تا ئێستاش خۆی و کوڕەکانی بەردەوامن لە پێشکەش کردنی کاری سەرکەوتوو، سەرکەوتووترین فیلمی (Baghban) بوو.

* شارۆخان: کینگ یاخود شای رۆمانسییەت، ئەویش ژمارەیەکی زۆر فیلمی سەرکەوتووی پێشکەش بە بۆلیۆد کردووە و خەڵك زۆر خۆشیان دەوێت، رۆڵی رۆمانسی و گریان زۆر بە باشی دەبینێت بە جۆرێك بە ئاسانی سەرنجی جەماوەر بۆ خۆی رادەکێشێت، بەناوبانگترین فیلمەکانی (Davdas) بووە.

* سەلمان خان: بە خۆشەویستی جەماوەر ناسراوە و چەندین فیلمی بەهێزی پێشکەش کردووە و لە ساڵانی نەوەدەکان بوونی خۆی سەلماند و ئێستاش بەردەوامە و خاوەن تایبەتمەندێتی خۆیەتی و بۆ جەماوەر و عاشقانی بۆلیۆدی سەلماندووە توانای بینینی هەموو رۆڵێکی هەیە بەتایبەتی لە فیلمی (GARV).

* ئەمیر خان بە داهێنەرێکی نوێی سینەمای هیندی دادەنرێت، خاوەنی چەندین فیلمی سەرکەوتوو و بەناوبانگە، تایبەتمەندێتی ئەمیر خان ئەوەیە کە زۆر بە وردی فیلم و دەورەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت (Lagaan ) یەکێکە لە سەرکەوتووترین فیلمەکانی.

* هریتیك رۆشان ئەستێرەیەکی سەرنجڕاکێشی بۆلیۆدە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانیی بسەلمێنێت کە خاوەن توانا و بەهرەیەکی زۆرە و جگە لە نواندن سەماکار و وەرزشوانیشە سەرکەوتووترین فیلمەکانی فیلمی (Koi Mill gaya)یە.

* ئەکشای کۆمار هەرچەندە فیلمەکانی زۆر باش نەبوون بەتایبەتی کۆنەکان، بەڵام بە رۆڵەکانی ئەکشن ناوبانگی دەرکرد و توانیی عاشقانی سینەمای هیندی سەرسام بکات و تاکو ئێستاش بە شێوەیەکی بەهێز بەردەوام بێت، بەهێزترین فیلمی (Andaaz).



سەرچاوە/ رۆژنامەی (الخلیج)ی ئیماراتی

# دهۆک
# فیستیڤاڵێکی شانۆی جیهانی و کوردستانی لە ئامێز دەگرێت




دوێنێ لە شاری دهۆکی دەلال فیستیڤاڵێکی شانۆیی جیهانی لە شاری دهۆکی دەلال دەستپێکرد بە ناوی (بەرەف شانۆکا هیخواز) کە ماوەی چوار رۆژ دەخایەنێت کە چەندین بابەتی تایبەت بە شانۆ و قەیرانەکانی شانۆ و چۆنییەتی چارەسەر کردنی لە خۆ دەگرێت، لەم بارەیەوە عادل حەسەن بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری هونەر لە شاری دهۆك لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گۆڤاری گوڵان ئاشکرای کرد لە درێژەی کار و چالاکییە بەردەوامەکانیان ماوەیەکە لە خۆ ئامادەکردندان بۆ سازکردنی فیستیڤاڵێکی لەم جۆرە لە شاری دهۆك بۆیە بریارماندا کە لە رۆژانی ٢٩-٦/٣٠ و ١-٢٠٠٨/٧/٢ ئەم فیستیڤاڵە ساز بکەین کە رەنگە بۆ یەکەم جار بێت فیستیڤاڵێکی لەم جۆرە لە شاری دهۆکی دەلال ئەنجام بدرێت، عادل حەسەن هەروەها گوتی: حەوت هونەرمەندی ئەڵمانی و حەوت هونەرمەندی عەرەبی و هونەرمەندێکی نەمساوی کە هەر هەموویان خاوەن شارەزاییەکی زۆرن لە بوارە جیاجیاکاندا بەشداری لەم فیستیڤاڵەدا دەکەن لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم شانۆگەرییەك دەستنیشان کراوە بۆ ئەوەی نمایش بکرێت بەناوی (مرن و کچێنی) ئەم شانۆگەرییە نووسەرێکی چیلی بەناوی باریل دۆسمانە دەقەکەی نووسیوەتەوە، چوار نەتەوە بەشداری دەکەن لە نمایش کردنی ئەم شانۆگەرییە، یەکیان نەتەوەی کوردە بە ئەکتەر و دەرهێنەر و هەموو کەرەستەکانی دیکەیەوە،دواتر خانمە هونەرمەندێکی نەمساوی بەناوی ئۆلیرکا دووبارە بە شێوەی زمانی جەستە (مۆنۆدراما) هەمان شانۆگەری پێشکەش دەکات، ئینجا ماڵی شانۆی ئەڵمانی کە سەرجەم ئەندامەکانی ئەڵمانین بە زمانی ئەڵمانی پێشکەش دەکەن، دواتر لە لایەن ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بە زمانی عەرەبی پێشکەش دەکرێت، واتە یەك شانۆگەری بە چوار زمان و کەرەستە و ئەکتەری جیاجیا لە شاری دهۆك پێشکەش دەکرێ.

بە گوتەی کاك عادل تەوەری دووەمیش بریتییە لە سازکردنی وۆرك شۆپ لە هەر چوار رۆژی فیستیڤاڵەکە بە بەشداری زیاتر لە ٥٠ شانۆکاری کورد لەگەڵ ٦ شانۆکاری دیکەی بیانی، نیازمان وایە شەش وۆرك شۆپ پێشکەش بکەین بەتایبەتی لە بواری (تێکست و جەماوەر) و (دەرهێنان و ئەکتەر) و (تەکنیکی هونەری شانۆ) ئەمانە دەبن بە سێ تەوەر کە شانۆکاران بە سێ گروپ گفتوگۆیان لەسەر دەکەن بۆ ئەوەی بزانین بوونی ئەم تەوەرانە لە شانۆی کوردی ئەمڕۆ لە چ قۆناغێکدایە و چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو ئاستەنگانە چارەسەر بکرێن کە دەکەونە سەرڕێگای شانۆی کوردی، لەکۆتاییدا ئەم هەموو تەوەرانە کۆ دەکرێنەوە لە شێوەی یەك تەوەر و دەبێت بە پرۆژەیەك بۆ ئەوەی بە ناوی شانۆکارانی کوردستان پێشکەشی لایەنی تایبەتی بکەین وەك وەزارەتی رۆشنبیری و ئەنجوومەنی وەزیران و رێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان بۆ ئەوەی ئەوانیش بە ئەرکی خۆیان هەستن.

عادل حەسەن هەروەها گوتی: تەوەری سێیەمی فیستیڤاڵەکە بریتییە لە گفتوگۆ کردنی دەربارەی دەزگای شانۆ بۆئەوەی بزانین ئەمڕۆ لە کوردستان بوونی دەزگای شانۆ تا چەند پێویستە و ئایا دەزگای شانۆ نەتەوەییمان هەبێت یان دەزگای شانۆی میللی بێت کە ئایا کامیان پێویستە لەگەڵ دانانی پەیڕەو پرۆگرامێکی تایبەت لەم بوارەدا ئەگەر زانیمان پێویستە ئەوا پرۆگرامێکی تێرو تەسەلی بۆ دادەنێین و پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیرانی دەکەین بۆ ئەوەی ئەوانیش رەزامەندی لەسەر بدەن.

دەربارەی شانۆ منداڵانیش بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و هونەری دهۆك گوتی: بێگومان لە هەرسێ بوارەکەدا شانۆی منداڵانی تێدا هەبێت، هەروەها بۆچوونێك هەیە ئەویش ئەوەیە ئێمە دەزگای شانۆ دابمەزرێنین ئەوا دەزگاکە فراوانتر دەبێت و هەموو بوار و بیروڕاکانیش تێیدا خۆیان دەبیننەوە، لەوانەیە هەندێك کەس هەبن بڕوایان بە شانۆی نەتەوەیی نەبێت و بڕوایان بەشانۆی گەلان هەبێت، لەوانەیە هەندێك کەس هەبن بڕوایان بە سروشت و پێکهاتەی کوردستانی هەبێت کە موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی و کلدان و عەرەبی تێدایە، بۆیە ئەگەر ئێمە دەزگای شانۆی نەتەوەییمان دامەزراند پێویستە کوردی تێدا هەبێت، بۆیە بۆچوونێك هەیە کە دەڵێ ئێمەی کورد پێوستیمان بە دەزگای شانۆی نیشتیمانی هەیە بۆ ئەوەی هەموو نەتەوەکانی کوردستان خۆیان تێدا بدۆزنەوە، شانۆکاران خەریکی گفتوگۆ کردن دەبن دەربارەی ئەم بابەتانە و، بڕوام وایە بەشێکی زۆری گفتوگۆکان دەربارەی شانۆی منداڵان دەبێت، چونکە شانۆی منداڵان بەشێکە لە شانۆ بەشێوەیەکی گشتی و بنکەیەکی گرنگ و سەرەکییە بۆ شانۆی گەورە.

لە کۆتاییشدا دەربارەی بیرۆکەی ئەم فیستیڤاڵە گوتی: دیارە ئێمە وەزارەتی دەرەوەمان نییە بۆیە هەر وەزارەتێك کاری وەزارەتی دەرەوە دەکات هەر یەکەو بە گوێرەی تایبەتمەندێتی خۆی، وەزارەتی رۆشنبیریش بەو شێوەیە بەشێکی گرنگی دامەزراندووە بە ناوی بەشی پەیوەندییەکان کە هەوڵ دەدات لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و کەسانی تایبەتی ئەم بوارە پەیوەندی دروست بکات، هەر لەم بوارەدا ئێمە چەندین گروپ و کەسایەتی شانۆییمان بانگێشت کردبوو بۆ کوردستان و گفتوگۆی زۆرمان لەگەڵیاندا کرد دەربارەی چەند مەسەلەیەکی تایبەت بە شانۆ و گیروگرفتەکان، هەر لەو چوارچێوەدا چوار وەفدی شانۆیی کورد بە ناوی کوردستانەوە سەردانی وڵاتی ئەڵمانیایان کردبوو و دوو شانۆگەریمان پێشکەش کردبوو و ئەمە وای لە ئێمە کرد کە ئەمجارە ئێمە ئەوان داوەت بکەین بۆ ئەوەی بێن بۆ کوردستان و کارەکانی خۆیان پێشکەش بکەن ئەمەش بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی پەیوەندیمان توند و تۆڵ و بەهێزتر بێت.

# کردنەوەی پێنجەمین پیشانگای کۆلاژی نەژاد عەزیز سورمێ لە هەولێر





ڕۆژانی ٢٣-٢٧/٢٠٠٨ هۆڵی گەل لە شاری هەولێر پێشانگای پێنجەمی کۆلاژی بۆ نەژاد عەزیز سورمێ لەژێر ناونیشانی (دیسان چاوەکان) ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و جەماوەرێکی زۆری لە ئامێز گرت کە لە زیاتر لە ٥٠ تابلۆی کۆلاژی هونەرمەند پێکهاتبوو، سەبارەت بەم پیشانگایە بەڕێز نەژاد عەزیز سورمێ لە لێدوانێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان بەم شێوەیە دوا: بێگومان ئەم پیشانگایە لە ڕووی قەبارەی تابلۆکانی لە ڕووی کار کردن و ناوەڕۆکەوە جیاوازی هەبوو هەرچەندە پیشانگاکانی تریش بێ ناوەڕۆك نەبوون و ئەوەی زۆر خۆشحاڵی کردم بیروڕای ڕۆشنبیران و هونەرمەندان بووە دەربارەی پیشانگاکە، دەربارەی کۆلاژ نەژادی عەزیز سورمێ گوتی: کۆلاژ خۆی لە خۆیدا کارێکە پەیوەستە بە کاری ڕۆژنامەنووسییەوە و هەر لە کاری ڕۆژنامەنووسیمدا کۆلاژم بە خەیاڵدا هات بەر لەوە پیشانگا بکەمەوە هەرچەندە کار کردن تێیدا شێوەیەکە لە کاری شێوەکاری، بە شایەدی زۆر لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندان من یەکەم کەسم لە کوردستان شەرەفی ئەوەم پێ بەخشرا کە یەکەم کەسم کە پیشانگای کۆلاژم کردبێتەوە.

سەبارەت بە بوونی هونەری کۆلاژ بەڕێز نەژاد عەزیز سورمێ گوتی: کۆلاژ هونەرێکی جوانە و بە لای من دیوەکەی دیکەی شیعرە، بەڵام هونەر کارێك نییە کە مرۆڤ بە خول و وانە گوتنەوە فێری ببێت و کۆلاژیش وەك هەموو ژانرەکانی دیکەی هونەر بەهرەیە، سەبارەت بە کردنەوەی ئەم پیشانگایە لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش نەژاد عەزیز سو ر مێ گوتی: پیشانگانی پێشترم جگە لە شاری هەولێر لە دهۆك و سۆران و ئاکرێ کردۆتەوە،و زۆرم پێخۆشە کە ئەم پیشانگایە لە شارەکانی سلێمانی و دهۆك و سۆرانیش بکەمەوە، سەبارەت بە دەرەوەی هەرێمیش ئەم پیشانگایە و پیشانگاکانی تریش بیری لێکراوەتەوە و داوایان لێکردووم بەڵام تا ئێستا ئەو دەرفەتە نەبووە.

# ترميناتۆر بەبێ ئارنۆڵد

بەم دواییە لە شاری نیو مەکسیکۆ دەستکرا بە تۆمارکردنی بەشی چوارەمی زنجیرە فیلمی (The Terminator) کە لە دەرهێنانی جیمس کامیرۆن و پاڵەوانیەتی ئارنۆڵد شوارزنیگەری حاکمی ئێستای ویلایەتی کالیفۆرنیایە و لە ساڵی ١٩٨٤ یەکەم بەشی پێشکەش کرا، یەکەم بەشی سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا و بووە هۆی ئەوەی بیر لە بەرهەمهێنانی بەشی دیکە بکرێتەوە لە ساڵانی ١٩٩١ و ٢٠٠٣.

بەشی چوارەم ئێستا خەریکە دەست بە وێنەگرتنی دەکرێت بەناوی (پاشەڕۆژی دەستپێدەکات) بەڵام پێشبینی دەکرێت بە ئاسانی دەست بە وێنەگرتنی نەکرێت،چونکە ٣٠ ئەکتەری فیلمەکە هەڕەشەی مانگرتنیان کردووە و داوای زۆر کردنی کرێکانیان کردووە بە ڕێژەی ٥٪ لەو داهاتانەی کە ستۆدیۆکانی هۆلیۆد لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی فیلمەکان لە ڕێگای ئەنتەرنێت و دی ڤی دی دەستیان دەکەوێت و ڕەنگە زیانێکی زۆریش بە ستۆدیۆکانی هۆلیۆد بگەیەنێت کە لەوانەیە لە زیانەکانی مانگرتنی سیناریۆ نووسەکان زیاتر بێت، لەو کاتەشدا بەرپرسانی سەندیکای ئەکتەرانی ئەمریکا داوای لە ئەندامەکانی خۆی کرد کە ژمارەیان ١٢٠ هەزار کەس دەبێت کە مانگرتنێکی سەرتاسەری و گەورە ساز بکەن لە هۆلیۆد، ئەمەش دوای ئەوە هات کە چەندین جار وتوو ێژ لە نێوان بەرپرسانی سەندیکای ئەکتەران و بەرهەمهێنەران ئەنجامدراوە بێ ئەوەی بگەن بە هیچ ئەنجامێك.

زۆر لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایە ئەم هەنگاوەی کۆمپانیای بەرهەمهێنەری فیلمەکە کارێکی سەرەڕۆییە و مەترسی زۆری تێدایە، بەڵام بەرپرسانی فیلمەکە ڕایانگەیاند کە ئەوان چەند هەنگاوێکیان ناوە بۆ ئەوەی ئەم مانگرتنە کاریگەریی بەسەر فیلمەکە نەبێت کاتێك مانگرتنەکە دەست پێدەکات، لە لایەکی دیکەوە هەندێك لە بەرهەمهێنەران پێیانوایە پێویستە پەلە بکرێت لە وێنەگرتنی فیلمەکە و تەواو کردنی لە ناوەڕاستی ئەم مانگە، هەر سەبارەت بەم مانگرتن ستیڤن سبیلبرگی دەرهێنەر وێنەگرتنی دوایین فیلمی خۆی کە دەربارەی دادگایی کردنی کۆمەڵێك لە چالاکوانەکانی بواری مافی مرۆڤە لە کاتی جەنگی ساردا.

بەشی چوارەمی (Terminator) وەك بەشەکانی دیکە لە چوارچێوەی خەیاڵی زانستییە و تێیدا بۆ یەکەم جار کریستیان بیل ڕۆڵی پاڵەوان دەبینێت لە جیاتی ئارنۆڵد شوارزنیگەر چونکە ئارنۆڵد دوای ئەوەی بە حاکمی کالیفۆرنیا هەڵبژێردرا وازی لە کاری هونەری هێناوە و هەموو کاتێکی خۆی بۆ سیاسەت تەرخان کردووە و وا پێشبینی دەکرێت ئەم فیلمە ئەم ساڵ لە ئەمریکا نمایش بکرێت.

**سەرچاوە/ ڕۆژنامەی (البیان)ی ئیماراتی**

# خەلیل خەمگین بە (ئاخ)ەوە تێنوویەتی جەماوەری خۆی دەشکێنێ

خەلیـــل خەمگین یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بە دەیان ســـاڵە بە دەنگی رەســـەنی خۆی خزمەت بە هونەری کوردی دەکات، لە چیای کرمانجـــی هاتۆتە دونیاوە، ئەو خاوەن دەنگێکی چیایی رەســـەنە و بەو دەنگە چیاییە گۆرانی دەڵێ و هەتا ئێســـتا چەندین ئەلبوومی گۆرانی پێشکەش کردووە و لە کوردستان و دەرەوە بڵاوکراونەتەوە.

لـــە ئەلبومەکانی خۆیدا خەلیل خەمگین کێشـــەی رەوای نەتەوەی کورد نیشـــانی گەلانی جیهانی دەدات و بە هونەری خۆی گوزارشـــت لـــە ئێش و ئازارەکانـــی میللەتی خۆی دەکات و ئێســـتاش بە دەنگی گەل و هونەرمەندی گەلی کورد ناســـراوە، رووداو و بەســـەر هاتەکانی گەلی کورد لە ســـاڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو تا ساڵی ١٩٩٠ بە دەنگە رەســـەنەکەی ئەو و ژمارەیەکی دیکە لە هونەرمەندانی کوردستان زیاتر ناســـران، ئەم رووداوانە کاریگەرییان بەسەرییەوە هەبوو و بەشـــدارییان لە خەباتـــی رەوای میللەتی کورد کرد و تا ســـاڵانی دوای ٢٠٠٠ و ئێستاش لە بواری هونەر هەر بەردەوامە، لەبەر ئەوەی خۆشەویستی خەلیل خەمگین بۆ جەماوەرەکەی بێ ســـنوورە بۆیە هەمیشـــە لە هەوڵـــی ئەوەدایە کاری نوێیان پێشـــکە بکات، ئەم جارەش بـــە ئەلبومێکی نوێ و ئەفراندن و داهێنانێکی نوێ دڵیان خۆش دەکات.



گۆرانییەکانی سەرنجی جەماوەر بۆ گۆرانی کوردی رادەکێشێ

دوای ئەوەی هونەرمەند خەلیل خەمگین لە ســـاڵانی رابردوودا چەندین بەرهەمی پێشـــکەش کرد لەوانە ( باجوك ١٩٨٨، ئەی شـــەهید ١٩٩٢، نامـــە ١٩٩٥، زەند ٢٠٠٤، کەهنیا سترانان لەگەڵ دیار و سوارو ٢٠٠٧ کە لە چەندین گۆرانـــی کۆن پێکهاتبـــوو ) ئەم جارە بـــە بەرهەمی (ئاخ)ەوە سڵاوێك لە جەماوەری خۆی دەکات و خزمەتێکی دیکە پێشکەش بە هونەری رەســـەنی کوردی دەکات، کارەکانی ئـــەم ئەلبومە نوێیەی خەمگیـــن زۆربەی لەگەڵ حەکیم ســـەفکانی ئامادە کراوە کە پێنج لە گۆرانییەکانی ئەم ئەلبومە نوێیەی لە هۆنراوەکانی حەکیم سەفکانین و یەکێکی دیکەش خەمگین و حەکیم هەردووکیان هۆنراوەکەیان نووسیوەتەوە، هەروەها گۆرانی ( هەرە) ئەویش لە نووســـینی خەمگین خۆیەتی جگە لە هۆنراوەیەکی سەیدایی جگەرخوین و فەرهاد ئیجەمە.



خەلیل خەمگین لە مەیدانی موزیکی کوردی بە دەنگ و هونەرەکەی خاوەن پێگەیەکی تایبەتە و خاوەن توانایەکی لە بن نەهاتووە و شرۆڤەیەکی ســـەرکەوتوو و تایبەتی هەیە، بەم شێوەیە سەرنجی گوێگران رادەکێشێت بۆ ئەوەی لە رێگای گۆرانییەکانی خۆی لە گۆرانی و موزیکی کوردی نزیك ببنـــەوە و زیاتر تێی بگەن و بە درێژایی چەندین ســـاڵ لە هەوڵدابووە بۆ ئەوەی هەڵبەست و ئاوازی پێز و رەسەن پێشکەش بە هونەری میللەتەکەی بکات .



ئەمان هەی لێ بە شێوەیەکی نوێ

خەمگین لە ئەلبوومی (ئـــاخ) دا کارێکی نوێ پێشـــکەش کردووە، بـــە گۆرانـــی ( رۆژێن بەرێ) گوێگرانـــی دەگەڕێنێتـــەوە بۆ رۆژانی پێشـــوو، لە گۆرانی ( هەوار) بانگی باڵندەکانی کوردستان دەکات و داوای ئازادبوون و سەربەخۆییان لێدەکات، هەروەها بۆ زیندوو کردنەوەی یادی شـــەهیدانی شەنگال گۆرانی ( شەنگال)ی گوتووە و لە شـــێوەی تابلۆیەکی جوان و ســـەرنجڕاکێش پێشـــکەش بە جەماوەری دەکات، لە (ئەمان هەی لێ ) دا لەو شـــێوازە تایبەتییەی کە پێی ناسراوە دەرچووە، شـــیعری (ئەمان هەی لێ ) هی سەیدایی نەمر جگەر خوینە و بە شێوازی راپی پێشکەشی کردووە.

لـــەم ئەلبومەی خەلیل خەمگیندا هەر یەکە لە ســـەید خان، فاتێ، حەکیم سەفکان و ئەندامانی کۆما بەرخودان بە دەنگی خۆیان بەشدارییان تێدا کردووە، ئەم ئەلبومە لەم گۆرانیانە پێکهاتووە: دونیا، هەوار، شەنگال، هایدار بـــن، رۆژێن بەرێ، ئەمین، خوزی، هەرە، دوورم، و ئەمان هەی لـــێ ) و یەکێك دەبێت لە کارە بە پێز و رەسەنەکانی خەلیل خەمگین کە پێشکەشی گوێگرانی خۆی دەکات.

سەرچاوە/ KURDISH MUSIC